## خۆش هاتن بۆ ماڵپەڕی KNH – وێنەی کوردی

housing@knh.org.uk

- سەبارەت بەم ماڵپەڕە
- خزمەتکاریەکانی وەرگێرانی نووسراوەیی & و وەرگێرانی زارەکی

### سەبارەت بەم ماڵپەڕە

خۆش هاتن بۆ ماڵپەڕی Kirklees Neighbourhood Housing، شەریکەیەک کە لە لایەن Kirklees Council وە بەڕێوەبەرایەتی پتر لە 23000 خانووی بە ئەستۆیە.

ئەم ماڵپەڕە بریتییە لە زانیاریگەلێک لەسەر ماڵەکەتان، کرێنشینی و گەڕەکەکەتان و وردەزانیاریەکانی پێوەندیدار بە خزمەتکاریەکانمان پێشکەشتان دەکات. بۆ وێنە ئەو بابەتانەی خوارەوە شرۆڤە دەکات

- چۆنیەتی پێشکەش کردنی داواکاریی بۆ کەڵک وەرگرتن لە خانووەکانی شۆرا؛
- ماف و ئەرکەکانتان وەکو کرێنشین؛
- چۆنیەتی پێدانی کرێ و کارێ کە دەبێ بیکەن ئەگەر پارەپێدانەکان بکەوێتە دواوە یان قەرزدار بن؛
- چۆنیەتی سفارشتی جێبەجێ کردنی چاکەوکردنەوەکان و ماوەیەک کە وەڵامدانەوە و جێبەجێ کردنی ئەوە دەبێ درێژە بخایەنێت؛
- ئەو قازانج و خەڵاتانەی کە پێشکەشی مشتەریەکانی خۆمانی دەکەین؛
- جۆرەکانی خزمەتکاریی پشتگیری کە پێشکەشی لاوان و بەساڵاچوان دەکرێ؛
- جۆری ئەو خزمەتکاریانەی کە بە کەسانێ کە خاوەن فلەتەکانی شۆران پێشکەشی دەکەین؛
- چۆنیەتی هەڵکردنی پێوەندی لەگەڵ ئێمە یان رادەربڕین لەسەر خزمەتکاریەکانی ئێمە؛
- چۆنیەتی بەشداری لە کاروباری کۆمەڵگای خۆجێیی دا؛
- چۆنیەتی یارمەتیدانی ئێمە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ کێشەی ئاکارە ناکۆمەڵایەتیەکان؛
- ئەو کارەی کە دەبێ لە کاتی گواستنەوە بۆ شوێنێکی دیکە جێبەجێی بکەن؛

هەروەها لەسەر خودی KNHیش زانیاریگەلێک پێشکەش دەکرێ، بۆ وێنە، وردەزانیاریەکانی پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی ئێمە، رەوتەکانی بڕیاردان، و وێنەگەلێک لە گرینگترین بڵاوکراوەگەلێک کە لە لایەن ئێمەوە بڵاو کراوەتەوە.

ئەگەر حەزتان لێیەتی کە بیروڕاکانتان لە ماڵپەڕی ئێمەدا بهێننە ئاراوە یان بە هەر هۆیەک لەگەڵ KNH دا لە پێوەندیدا بن، تکایە سەردانی بەشی "Contact Us" لەم ماڵپەڕەدا بکەن، تاکو وردەزانیاریەکانی پێوەندیدار بە نووسینگەکانی ئێمە، ژمارەکانی پەیوەندی، و هتد لەوێدا چاولێکەن.

### خزمەتکاریەکانی وەرگێرانی زارەکی و نووسراوەیی

ئامانجی KNH ئەوەیە کە دڵنیا بێت کە مشتەریەکانمان هەموویان وەکویەک دەستیان بە خزمەتکاریەکانی ئێمە دەگات.

بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە، کۆمەڵێک لە خزمەتکارییەکانی وەرگێرانی نووسراوەیی و زارەکی بۆ کەسانێ کە زمانی زکماکییان ئینگلیزی نیە پێشکەش دەکەین.

**وەرگێرانی زارەکی ئینتێرنێتی** – پێرسۆنێلی ئێمە هەموویان دەتوانن بە خزمەتکاریەکانی وەرگێرانی تەلەفۆنی پتر لە 150 زمان دەستیان بگات.

**وەرگێرانی زارەکی بەرەوڕوو** – بە شێوەی ئاسایی باشتر وایە کە بۆ وتوویژگەلی درێژخایەنتر وەرگێری زارەکی لە شوێنەکەدا ئامادە بێت. لە هەلومەرجی شیاودا بوارێک بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی دابین دەکەین (ئەگەر وەرگێرمان بۆ دەستکەوێت).

**وەرگێرانی بڵاڤۆکە** - ڕێژەیەک لە بڵاڤۆکەکان وەرگێراوەتەوە سەر چەند زمانێکی دانیشتووانی کۆمەڵگای خۆجێیی - تکایە بەشی "Translations" لەم ماڵپەڕەدا چاولێکەن.

**فۆرمەتگەلی دیکە** – بە دوای ڕێگاگەلێکی دیکەوەین بۆ پێشکەش کردنی زانیاریەکان، بۆ وێنە دەقی شریتی دەنگ کە بکرێ لە ماڵپەرەکەمانەوە دابەزێندرێ.

ئەگەر دەتانەوێ ڕێنوێنی و راوێژکاریی بە زمانی خۆتان وەرگرن، تکایە پەیوەندی بکەن بە تیمی نیشتەجێ کردنی ئێمەوە تاکو ئامادەکاریەکانی پێشکەش کردنی ئەو خزمەتکاریانە دابین بکەن.